www.kurdistannet.org
09/06/2002 13:28

## پەخشان :

# ماڵئاوایی

ڕزگار عومەر

لە ئاخەرین ڕۆژەکانی مانەوەم لەم شارە ، دەمەوێ هەرچی قسە هەیە لە نێو دڵمدا ڕەها بکەم و. . قورسایی دڵم سووکتر بێتەوە ، خۆ دەشزانم ژیان و ئەو چارەنووسانەی چاوەڕێمە هیچ گرنگی لە لای تۆ نییە. . بەڵام چیبکەم ، ئەوە منم لە حەژمەتی تەنیایی بە قسە کردن و گلەیی و بە سۆراغی هەواڵەکانت دەمەوێ بێگانەیی خۆم لە تۆ بشارمەوە ، ئەرێ بە راست ئەو کۆچەی من هیچ شتێك

لە لای تۆ نانوێنێ ؟ ئاخر وا دەڕۆم و چیتر یەکتر نابینینەوە.

من بێجگە لە تامی چای عەسران و. . بۆنی زێرابی کۆڵانەکان و. .

بۆنی یەکەمین بارانی زستان و. . بۆنی دایکم و. . جوێنی ئینسانە ماندووەکانی گەڕەك شتێکی ترم نییە لەم شارە ، ئەگەر دوو قسەشم هەبێ لەسەر جوانی ئافرەت و پەلکە زێڕینەی بەهارو تامی ئارەقەی سەرەتای هاوین. . ئەوا لەو شیعرانەی بۆتۆ و بۆ هیلاکی ئازیزانی خۆم نووسیوە هەر هەموویم ووتوە ، کە ئێستاش خەریکی کۆچ کردنم لەم شارە. . پێویستم بە تۆ و بە ماڵئاوایی و بە ڕێکردنێکی خۆشەویستانە هەیە !

ڕەنگە ئەوانەی خۆشیان دەوێم. . فریا نەکەون یان نەزانن ماڵئاوایی لە ئازیزانی خۆیان بکەن ، چونکە ئەوان لەم شارە دەست و دڵیان زنجیر کراوەو نانیان لە من خۆشتر دەوێ ، خۆ گۆرانی و شیعرم بۆ ئەوانیش ووتوە. . بەڵام ئەوان هیچ قەرزاری من نین. . چونکە ژیان و ئاسمان و شا ر قەرزاریانە ، تۆ جلەکانت. . ژانی نەخۆشی و. . دەستی سپی و. . مەمکەکانت هەر هەمووی قەرزاری منن ، بە خاتری ئەو سەفەرەم شەوی ماڵئاوایی میوانم بە.

لێرە بە سەر هاتی ماچ و. . سەر برینی کچان و. . حیکایەتی نامووس هە ر هەمووی لە گەڵ هەویرو فرمێسکی خەڵکی تێکەڵاو بوونە ، لێرە لە دایك بونێکی پڕ لە ژان و ئارەقە. . سەرەتای سووکایەتی و مردنە ، لێرە ژیان پەڕۆیەکی کۆنی _ لەچەشنی کفن _ لەخۆی لوول داوە کەسی تێ ناگا پێدەکەنێ یان

دەقیژێنێ ؟! بێ ئومێدی و هیلاکی. . تروسکایی و فیداکاری. .

لەش فرۆشی و رشانەوە. . ترس و پێشوازی لە مردن. . قامچی و تفی جەلاد. . پەیداکردنی نان ، هەر هەمووی شەریکن لە گوشینی لەحزە شیرینەکانی عومری ئینسان ، لێرە کەسێك قسەی تازەی پێ بێ. . یان چرایەکی تری لە دەست گرتبێ. .

یان لەسەر بانی ماڵەوە تەماشای ڕەنگی نارنجی ئێوارانی شار بکات و سبەینێی لێ دیار بێ. . یان خەونی سوور بە دەریایەکی شین ببینێ ، ئەوا ڕوحی لە لایەن هەزار ئیزرائیل حەڵاڵ دەبێ.

لێرە مەسیح شەیدای بەهارەو تروسکایی لە چاوەکانی ئەو دەبینرێ ، لێرە مەسیح هەموو ڕۆژێ بزماری ژەنگ گرتوو لە دڵ و چاو و گەرووی دەچەقێنن ، لێرە ئاسۆ لە پەنای خەونەکانی مەسیح چاوە ڕێی بەیانیەکی پڕ لە برین و هەنگوینە. . بە خاتری خەونەکانی مەسیح شەوی ماڵئاوایی میوانم بە !

هەولێر _ ١٩٩٣

rezgar70ca@yahoo.com